# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٢٦١) لە ٢٠٢٤/٩/٤

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری لیژنەی هاوبەشی هەردوو حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یەکخستنی ڕێکارەکان (توحيد الإجراءات) هاتوو لە کۆنووسی کۆبوونەوەی هاوپێچی نووسراوی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٨٧٢) لە ٢٠٢٤/٧/١٤، و لەسەر ڕاسپاردەی تیمی هاوبەشی وردبینیی هەردوو دیوانی چاودێریی دارایی فیدراڵی و هەرێم، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٨) لە ٢٠٢٤/٩/٤، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١. یەکخستنی ڕێکارەکانی تایبەت بە سیستمی دارایی و ژمێریاری، و جێبەجێکردنی هەمان سیستمی کارپێکراو لە حکومەتی فیدراڵی لە هەرێمی کوردستان لە بواری سیستمی ژمێریاریی حکومی، ئەوەندەی پەیوەندیی بە ڕێکخستنی ڕێکارەکان هەیە و پێچەوانەی دەسەڵات و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان نییە.

٢. ڕاسپاردنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بە هەماهەنگیی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای بەرکارکردن و هەموارکردنەوەی جێبەجێکردنی یاسای بەڕێوەبردنی دارایی فیدراڵی (قانون الادارة المالية الاتحادية) ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩ لە هەرێمی کوردستان بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان لە دەستووری عێراقی فیدراڵ و ماف و دەسەڵات و شایستەکانی هەرێم و وەزارەت و دامەزراوە تایبەتمەندەکانی.

٣. ڕاسپاردنی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری بە هەماهەنگیی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دەرکردنی ڕێنمایی بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی بڕگەی (١)ی سەرەوە.

٤. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی ئاماژەپێدراوی بڕگەی (٣)ی سەرەوە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**